# مەرگی کلارا و پرسیارێك لە کۆنگرەی جیهانی مندلان

**ریبوار عارف**

پایزی ساڵی ڕابردو لە شاروچکەی زەڕایەن سەر بەر پاریزگای سلیمانی، منداڵێك پاش چەند ڕۆژ بێسەرو شوین بوون، سەرئەنجام جەستەی ساردوە بوونی لە کولانەی سەگێکدا دۆزرایەوە. بەداخەوە دەبێت بڵێن کە ڕەنگە ئەو منداڵە لەو جەنگلستانە بێ یاسایەدا، شانسی هەبووبێت کە سەگ هەلاهەلای نەکردبوو، ئاخر هەر ماوەیەك پیشتر لەشارێکی چەند دە کیلومەتری ئەولایەوە لەدەربەندیخان کۆرپەلەیەك پاش لە دایك بوون بەئەنجن ئەنجن کراوی دەخریتە ناو ئەلاگەیەکەوە فرێ دەدریتە زبڵدانی قەراخ شار. ئەمە تەنها دوو نموونەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەن لەو کوردستانە ئاسایشەدا کە NUHCR ادعای دەکات.

ئایا هەموو حورمەت وکەسایەتی ئینسان وڕێزو شایستەگی ماڤ مروۋ لەلای ئەم ئورگانە نیونەتەوەیی‌یە هەر هێندەیە ؟ یان بەراستی لە کۆمەلگایەکدا کە هیچ یاساو ماف و ئازادی یەکی فەردی و مەدەنی ئاسەواری نی‌یە دەبێت بەو شێوە پاراستنی مافەکانی مندالان و ئینسانەکانی نیو ئەم کۆمەلگایە رەنج بەرێت وهیچ لەمپەریك بۆ بەرگری کردن وپارستنی کەسایەتی ڕێزوحورمەتی ئینسان وئارەزەوەکانیان لەگۆردا نەبیت. بۆیە دەبێت کۆرپەلەی چاونەپشکوتو بەوشیوەیە قەسابی بکریت، وەك دەڵێن بەتاوانی ئەوەی" ئەو کۆرپەلە لە دەرەوەی زەواجی ڕەسمی لەدالیك بووە " دایکیشی بۆ ئەوەی ناوی نەچیتە لیستی قوربانی یانی ناموس پەرستی‌یەوە ناچار دەبێ بەوەی کەجگەر گوشەکەی خۆی بەهەنجن هەنجن کراوی حەشاربدات.

میژووی دەهەی ڕابرردو شاهیدی سەدان وبگرە هەزاران تیروری ئەو ژنانەیە کە بەهۆی ناموس پەرستی وعشق وخۆشەویستی و بریاردان لەسەر ژیان و چارەنووسی خۆیان تیرورکراون. زۆرن ژنانیك کە جەستەیان لەبەردەم هەرەشەی تیروری ئەمرۆ سبەیدا بوو، یان ژنانێك کە بۆ بەرگری کردن لەم قوربانیانە خۆیان کەوتوونەتە بەردەم هەڕەشەی تیرۆر وکوشتن و ناچار بوون بەوەی کەبەسەر ئێسك و پروسکی ژنانی تیرورکراودا هەنگاوبنین و ڕوو بکەنە هەندەران بەهیوای ئەوەی کەلەگۆشەیەکی ئەم جیهانەدا لە ئاسایش و ژیانیکی ئینسانی بەهرەمەند بن.

دایکی _ کلارا _ یەکێك لەو ژنانەیە کەتاتروسکەی ئومیدو ڕێگەی مانەوەو درێژە پێدان بەخەبات وداکوکی کردن لەماف و کەسایەتی ژنان و مندالان ڕێگەی بە مانەوەی‌دا ئەو وەك هەلسوڕاوێکی بزوتنەوەی بەرابەری ژنان، بووە جێ هیواو ئومێدی ژنانی ستەم دیدەی دەوروبەری ناوچەی پشدەرو ڕانییە، بەلام کاتێك کە یەکیتی نیشتمانی بە زەبری چەك وهەرەشەی کوشتن بنکەی ڕێکخراوەکەی دایکی _ کلاریان _ داخست واتە (( ڕێکخراوی سەربەرخۆی ئافرەتان )) ئیتر ئەم جارەیان بەهۆی ئەو ڕابردوە خەباتکارانەوە، ئەم هەلسوراوە خۆی کەوتە بەردەم مەترسی تیرۆرکردن بۆیە ناچار رووی کردە تورکیا تا لە ریگەی NUHCR لە مافی پەنابەری بەهرەمەندبیت. بەلام بەدوای دووسال تەمەن بەسەر بردن لە دەریای کارەسات و تراژیدیاکانی ژیانی پەنابەری لە تورکیا، دواتر وەلامی ڕەدی پێ درایەوە.

دایکی کلارا کە تەمەنی لاوی تەرخان کردبوو بۆ بەرگری کردن لە بەرابەری وئازادی ئینسان ومافەکانی ژنان ومندالان، دلنیا بوو لەوەی کە بەزووی ماڤ پەنابەری بەدەست دینێت وئیدی تەمەنێکیش لەنیو باوەشی ژیانیکی ئەمن وئاسایشدا لەگەل ئایندەیەکی پرشنگداری بۆ_ کلارا_ وباوکی قوناغیکی نوێی ژیان بەسەر دەبەن. بەلام لەو رۆژانەدا دەنگی گورانی ووتنی کلارا لەناو هاوارو زریکەی هاوری یانی دا توایەوەو ئەو بەکارەساتی لیدانی سەیارە، لیدانی دڵی هاوری و دۆستان ومندالانی شار تەنگ کردو بۆ دواجار(( یاری وچیشتە قولی وبووك بووکین وخەت خەتێنی بەردەم دەرگای بەجی هێشت ))و هاورێیانیشی بۆماوەیەك ئیدی

له دەنگ وڕەنگی سەیارەکان دەسلمینەوەو شوینی یاری بەردەگا دەگۆرن. ئەگەر زەرەیەك عەدالەت وئینسانی‌یەت لەجیهانی ئەمرۆدا مانای هەبووایە، دەکراو ممکین بوو کە دەنگی کلارامان لی نەبڕێت و ئەو گورانی دلفورینتری بۆ ژیان ووتبایە، بەلام ئاخر کاتیك کە NUHCRپێ‌وایە کەخێزانی ئەو لەکوردستان مەترسی ئەمنی‌یەتی نەبووە بۆیە دەرگای بەڕوودا دادەخەن ودەبێ لەو چاوەروانیدا بەسەر بەرن تا پولیس پەلیان دەگریت ودیپورتی دەکاتەوە یا ناچار مل دەدات بە گەشتی مەرگ وبەرو یونان رێ دەگرنەبەر.

دنیلیەکی سەیرو قیزەونە کۆمسیونی بالای ریکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆی دەلویت لەپال بەرژەوەندی ئەم وولاتانەدا ادعای بوونی ئاسایش بکات لە کوردستان، بەراستی ئورگانێکی نا عادل وخالی لەهەر بەهایەکی ریزدانانە بۆ ماڤ مرۆڤ وداکوکی کردن لەماڤ پەنابەری، دلنیام کە ئەم ئورگانە نیونەتەوەی یە کەمتر هەوالێکی ڕوداوەکانی رۆژانەو مەرگی بە کۆمەلی پەنابەران وکوچکردوانی نیو (( کەشتی مەرگ وشاحنەو تونێل و سەر سنوورەکان و.. )) هەیە نەگاتە دەستیان. کەلەم سالانەدا سەدان وهەزاران ژن ومندال ولاو پیر بوونە قوربانی و لە ڕێگەی بەدەست هێنانی ماڤ پەنابەریدا گیانیان لەدەستدا. پاش هەموو ئەمانەو گیان لەدەستدانی کلاراو خۆخنکاندنی ( ئاکیل زەینل ئابدین ) لە وان، تیرۆری ( ماپرا ) لەبەردەم نووسینگەکەی خۆیانداو دیپورت کردنەوەی ( فەرهاد فەرج ) وتیرورکردنی پاش چەند هەفتەیەك، هێشتا زوڕنای ئاشتی وئاسایشی کوردستان لی دەدات. هەر لیرەشەوە بانگەوازی ڕەد کردنەوەی هەزاران پەنابەر رادەگەیەنێت وناو بەناویش لەگەل فشار بۆهنینانی فیدراسیون و راندۆی نووسینگەکانی لە تورکیا دەکەونە بەلێن دان بەوەی کە ئەوانیش نیگەرانی ژیان و گوزەرانی ژنانن لە کوردستان و لەوبارەوە بە دیقەتیکی تەواوەوە هەول دەدەن بۆ وەرگرتنی زیاترین ڕێژەی پەنابەرانی ژن وگرنگی دان بەفایلەکانیان، کە لەراستیدا ئەگەر تروسکەیەك ڕاستگۆی لەم هەلویستەدا هەبووایە دەبوو زۆر پێشتر دایکی کلارا ماڤ پەنابەری بەدەست بهێنایەو کلاراش نەبووایەتە قوربانی لە چاوەڕوان هێشتنەوەی دایك وباوکی لە لایەن NUHCR ەوە. جێی خۆیەتی لیرەدا ڕوو بکەینە هەموو ئەو ئینسانانەی کە عاشقی ئاسایش و حورمەتی ئینسانن، کە خەباتکارن و بەرگری لە مافەکانی ژنان و مندالان دەکەن، کە عدالەتخوازو بەهەلویستن وهەوالی گیان لە دەست دانی پول پۆلی پەنابەران ڕایان دەچڵەکێنی، لە دەست دانی کلاراو کلاراکان نیگەرانتریان دەکات و پێیان وایە کە دەبێت کارێك بکەن ڕێگە نەدەن کە تای ترازووی بەهای مرۆڤایەتی وا بەدەست ئەم ئورگانەوە لاوازبیت، ئەوا دەبیت لە ٨ ئایار دەنگی نارەزایتان بەرزکەنەوە.

## کۆنگرەی جیهانی مندالان و مندالانی ستەم دیدەی بێ‌بەهرە.

سبەینێ ٨ ئایار کۆنگرەی جهانی مندالآن لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە نیویۆرك دەبەسرێت، پێشبینی دەکریت کە نوینەری نزیك بە ١٨٠ وولات تیدا بەشداری بکان، کە دەیان نووینەریان لە ئاستی سەرۆکی وولات و سەرەك وەزیراندایە. *بەلام* مەخابن دەردو رەنجی کلاراکان لەفایلی ڕەجستەری کراوی نووسینەگەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نی یە، (( ئاخر ئەوان لەسەر زەمینێکی ئازاد وبەهرەبەردا لە بریارنامەی ٩٨٦ی هەمان ڕێکخراودا، دەتوانن ژیانێکی ئاسوودەو ئارام و بەسەر بەرن )) یا ئەگەر بەشێکی تر لە مندالان (( فڕی دەدرێنە دەریاکان و لە زیندان و کەشتی یەکاندا بەبێ کلینیك و دکتور پیداویستیەکانی تر لە دایك دەبن، ئەوە بەداخەوە دایك وباوکیان مقەسەرن وئەوان ڕێگەی ناسای پێ‌دەگرنە بەرو بەودەردەیان دەبەن )).

کاتیك ئەم جۆرە پاساوانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە هاوتایە بە سیاسەت و نەخشەو پیلانەکانیان دەکرینە لەمپەری بێ‌بەهرە کردنی مندالان پەنابەر لە سەرەتای ترین مافەکانی خۆیان، دەکرێت بپرسین ئاغایان

© Kurdistan Net

مەگەر بەپێی جارنامەی مافەكانی منداڵان و پرانسیپەكانی خۆتان، هەر جۆرە لێدانێكی فیزیكی و دەروونی منداڵان قەدەغە نییە ؟ مەگەر كۆمەڵگا لەسەری نییە كە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری بۆمنداڵان دابین بكات ؟ مەگەر منداڵانیك كە لەدەرەوەی زەواجی ڕەسمی لەدایك بوون هەمان ماف منداڵانی تریان نییە و دەولەت ئەروكی پاراستنیان لەئەستۆ ناگرێت ؟ ئەی بۆ دەبێت لە وولاتیكدا كەمنداڵان پاش لەت لەت كردن فڕێ بدرێنە سەرنولێڵكەو زبلدانەكان كەچی ئێوە ئەو وولاتە بە ئاسایش لەقەلەم بدەن، ئایا ئەمە پێوانەی ڕێزدانانی ئیوە نییە بۆ ماف و ئازادی یە فەردی و مەدەنی یەكانی ئینسان لە كومەلگایەدا ؟

بەدڵنیای دەبێ لەبەرامبەر ئەم تراژیایەشدا هەڵوێست بگرین وشان خالی كردنەوەیNUHCR لەبەرامبەر بەژیان وچارەنووسی كلاراكاندا بەتووندی مەحكوم بكەن وپیان رابگەیەنین، ئیوە كەناتوانن ئاسایشی خەلكی كوردستان لە وولاتانی دووهەمدا دابین بكەن، ئایا بەراستی بەچ ڕوو قایمیـیەكەوە باس لەبوونی ئاسایش دەكەن لە كوردستانیكدا كە كوێخا اسماعیلێكی دوكان دەستەلاتداریەتی ناوچەیەك دەكات وكچ وكوری ئاوای لەجێ ژوانەكانی خۆیاندا اعدام داكات بەتاوانی لادان لە داب و نەریتی میللی ومەزهەبی. ئایا دەبیت چاوەرانی چی بكریت لەو كورنگرە جیهانی یەی كە دوو ڕۆژ بەر لە بەرپا كردنی لە ئەنجامی شان خالی كردنی ڕێكخراوەكەی ئیوە _ كلارا _ دەبێتە كۆچی قوربانی و نۆێنەرانیشتان لە توركیا هەر ئەوەیان ماوە سەگ لەبەر دەرگاكەیان دابنین بۆ چاوترسانی دایك و باوكی كلاراكان، ئەفسوس بۆ ئەو دنیایەی كە چاوی لە كۆنگرەكەی ئیوەیە كە تیدا ئاوریك لە مافەكانی مندلان بدریتەوە !

٧ / ٥ / ٢٠٠٢

© Kurdistan Net